ووتەی هەفتانە

- بەسەرۆکایەتی دادوەر سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، ئەنجومەن گفتو گۆی دانشتی پێنجەهەم دەکات.
- کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان کاردەکات بۆ بەهێزکردنی داتابەیسەکانی کاندیدەکان.
- سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان سەردانی ئۆفیسی هەڵبژاردنەکان لە پارێزگاکان دەکات.
- ئەندامی ئەنجومەنی کۆمیسیاران بەدواداچونەوە دەکات لەسەر کاری ناوەندەکانی تۆمارکردن لە پارێزگاکان لە رێگای بازنەیەکی ئەلیکترۆنیەوە.
- کۆمیسیۆن بەردەوامە لە ئەنجامدانی کارەکانی لە رێگای لیژنە تایبەتەکانەوە.

سەرۆك وئەندامانی ئەنجومەنی کۆمیسیاران لە کۆمیسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان ، دانشتنی ئاسایی پێنجەهەم ئەنجامدەدەن لە بەرواری 2023/2/8 ، بۆ گفتوگۆکردنی بابەتە دانراوەکان لە خشتەی کاری کۆمیسیۆن ، ولە ئەو بابەتی تایبەت بە کاندیدەکانی ساڵەکانی پێشوو ، بۆ دانانی داتابەیسێکی تایبەت ، ناوی هەموو کاندیدەکانی پێشوو کەوا ئەنجومەنی کۆمیسیاران پەسەندیان کردوە لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان دەگرێتەخۆ.

هەروەها لە چوار چێوەی بەدواداچونەوەی مەیدانی ، سەرۆکی بەرێوەبردنی هەڵبژاردنەکان و یاریدەدەری باری کارگێڕی ودارایی سەردانی ئۆفیسی هەڵبژاردنی پارێزگای ئەنبار دەکات ، وچەند ناوەندیەکی تۆمارکردن ، بۆ بەدواداچونەوەکردنی پلانەدانراوەکان لە تۆماری بایۆمەتری هەموو دەنگدەرانی پارێزگاکە ، ومیکانزمی دابەشکردنی کارتی دەنگدەری ئەلیکترۆنی بە هاوکاری لە گەڵ هاوبەشەکانی پرۆسەی هەڵبژاردنەکان ودەزگاکانی هاوکارکردن ، وێڕای بەدواداچونەوەکردنی پابەند بوون بە رێنمایەکانی ئیداری ودارایی تایبەت بە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان .

هەروەها لە بارەی بەدواداچونەوە ، سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە گەڵ یاریدەدەری بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان فەرمانگای پرۆسەیەکان وتەکنولۆجیای زانیاری ، وبەرپرسی هۆبەکانی وبەئامادەبوونی یاریدەدەری هونەری ، بۆ ئاشنابوون لە سەر کاری لیژنەکانی پێکە هێنراوە بۆ سەرپەرەشتی کاری پارێزگاکانی کاری ئۆفیسەکانی هەڵبژاردنەکان وئەنجامەکانیان ، وهەروەها سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان ئاراستەی لیژنەکەی کرد بۆ کاری ئۆفیسی پارێزگای بغداد/رسافە بەشێوەی مەیدانی کەوا کۆبوونەوەی ئەنجامدا بۆ گفتوگۆکردنی رێکارەکانی تایبەت بە تۆمارکردنی بایۆمەتری ، وپێشنیاریەکانی بەرەوپێشچونی میکانزمی دابشکردنی کارتی دەنگدەری بایۆمەتری .

هەروەها لە چوارچێوەی زنجیرەی دیدارەکان لە رێگای بازنەی ئەلیکترۆنیەوە ، ئەندام ئەنجومەنی کۆمیسیاران کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە گەڵ ناوەندی تۆمارکردنی بازنەی یەکەمی تایبەت بە ئۆفیسی هەڵبژاردنەکانی بەغداد/رسافە ئاشنابوونی راستەوخۆ لە سەر کارەگرنگەکانی تایبەت بە پرۆسەی تۆماری بایۆمەتری ودابەشکردنی کارتی بایۆمەتری وئاراستەی کرد بە گرنگی پابەندبوون بە رێنمایەکانی کارگێڕی وهونەری کەوا لە ئامادەکردنی ئۆفیسی وئامادەکردنی بۆ هەڵبژاردنی داهاتوو .

**هەروەها لە بارەیەکی پەیوەندیدارەوە ، یاریدەدەری سەرۆکی بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان بۆ کاروباری هونەری کۆبوونەوەیەکی ئەنجامدا لە گەڵ ئەندامانی لیژنەی پرۆسەیەکان لە کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ، بۆ گفتوگۆکردنی تەوەرەکانی تایبەت بە ڕێکارەکانی تۆماری دەنگدەران لە گەڵ ئەندامانی لیژنەی پرۆسەیەکان ، ولە ئەوانە خاوەن پێداویستیە تایبەتەکان ، بۆ مسۆگرکردنی مافیان لە بەشداریکردن لە پرۆسەی دیموکراتی .**

**لە لایەنی تۆماری بایۆمەتریەوە ، ئۆفیسی پارێزگاکان بەردەوامن لە ڕێکەوتنی کار لە گەڵ لایەنە پاڵپشتیەکانی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە بڵاوکردنەوەی تیمی گەڕۆك بۆ تۆمارکردنی دەنگدەران ولە ئەوانە لەدایکبووانی 2004 ، لە گەڵ بەردەوامبوونی ئۆفیسی نیشتیمانی وئۆفیسی هەڵبژاردن لە پارێزگاکان بە جێبەجێکردنی پلانی ڕاگەیاندنیان لە بڵاوکردنەوەوی نامەی ڕاگەیاندن لە ئامەرازەکانی ڕاگەیاندنی جۆراوجۆر تایبەت بە ڕوونکردنەوەی ڕێکارەکانی کۆمیسیۆن لە ئەم باریەوە لە ڕێگای ئامەرازی گەیشتن بە کۆمەڵگاوە ، وئامەرازی ڕاگەیاندنی خۆماڵی جۆراوجۆر لە پارێزگاکان ، کەوا ئەنجامەکی بوو بە تۆمارکردنی (569.029) دەنگدەر ، هەروەها ناوەندەکانی تۆمارکردن (782.976) کارتی بایۆمەتری دابەشکردوە ، پێکهاتووە لە (202.427) کارتی دەنگدانی گشتی ،و(532.199) کارتی تایبەت بە هێزە ئەمنیەکان و هێزی چەکدار ، هەوروەها کارتی ئاوارەکان وڕاگوێزراوان گەیشتوەتە (48.350) کارت بەئامادەبوونی چەندین لە چاودێرەکانی خۆماڵی وبریکاری حزبەسیاسیەکان ، هەروەها بۆ ئەوانەی گرنگی دەدەن بە باری هەڵبژاردنەکان دەتوانن سەردانی (ڕاپۆرتی پرۆسەیی کۆکراوە بکەن) لە ڕێگای ماڵپەڕی فەرمی کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان** .https://ihec.iq/biometric-registration

**هەروەها کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان ناو وناونیشانی ناوەندەکانی تۆمارکردنی بڵاوکردۆتەوە ، بۆ ئاسانکردنەوەی گەیشتنی دەنگدەران بۆ ناوەندەکانیان کەوا نزیکی شوێنی دانشتونیان ، لە ڕێگای ماڵپەری دستنیشان کراوە لە ماڵپەری فەرمی کۆمیسیۆنەوە** https://ihec.iq/find-your-polling-center/

**هەروەها بە ئاراستەکردن وبەدواداچونەوەی سەرۆکی ئەنجومەنی کۆمیسیاران ، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان لەرێگای فەرمانگای ڕاگەیاندن وپەیوەندیکردن بەجەماوەرەوە گۆپی دووهەمی ڕۆژنامی مانگانەی ئەلیکترۆنی دەرکرد ، بە ناوی (ڕۆشنبیری هەڵبژاردنەکان) کەوا تایبەتە بە هۆشیارکردنەوەی هەڵبژاردنەکان ، کەوا هاتووە لە چوارچێوەی پەیوەندیکردنی ناراستەوخۆ بە جەماوەرەوە بۆ فراوانکردنەوەی داتابەیسی هۆشیارکردنەوە ورۆشنبیرکردنی هەڵبژاردنەکان ، دەتوانن ئاشنابن لە ناوەرۆکەکەی لە ڕێگای ماڵپەڕی بڵاوکراوە لە ماڵپەڕی ئەلیکترۆنی فەرمی کۆمیسیۆن ،.**https://ihec.iq/newspaper/ .

**تایبەت بە سەلامەتی وتەندروستی، کۆمیسیۆنی هەڵبژاردنەکان گرنگی دەدات بە هەموو دەزگا وبیناکانی لە هەوڵدان بۆ پاراستنی وگونجاوبێت لە گەڵ پێوەرەی تەندرووستی وپاراستنی ومەرجەکانی ، بەشی بەرگری مەدەنی وتندرووستی پیشەیی لە ئۆفیسی نیشتیمانی وهۆبە تایبەتەکانی لە ئۆفیسی هەڵبژاردنی پارێزگاکان بۆ ڕێکەوتن لە گەڵ بەڕوبەرایەتیەکانی بەرگری مەدەنی وکۆمەڵەی مانگی سوور بۆ ئەنجامدانی وەرکشۆپی ڕاهێنان لەسەر ڕێکارەکانی تەندرووستی پیشەیی وفریاکەوتنی سەرەتایی .**

**ووتەبێژی ڕاگەیاندن**